حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

هەواڵی ڕۆژنامەوانی

بڵاوکراوەتەوە لە نیسانی **2020**

# توێژینەوە لەسەر کاریگەرییەکانی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر نرخی کەل و پەلە سەرەکییەکانی خێزان لە عیراق و هەرێمی کوردستان **2020**(بەراوردلە نێوان مانگی شوبات و ئادار)

بەشی ژمارەی پێوانەیی

2020

پێشەکی

به هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایروسی کرۆنا، جیهان ڕووبەڕووی تەنگەژەیەکی چاوەڕواننەکراوی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆوەتەوە. ئەم ڤایروسە تائێستا لە 192 وڵات بڵاوبۆتەوە و خەڵکێکی زۆر لەم وڵاتانە تووشی ئەم ڤایروسە بۆینەتەوە. کاریگەرییەکانی ڤایروسی کرونا لە عیراق تا ڕادەیەک بەرجەستەترە بە هۆی دابەزینی نرخی نەوتی خاو تا ئاستێکی چاوەڕوان نەکراو کە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ئاستی بژێوی هاونیشتمانیانی عیراقی بەتایبەت دوای ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی قەدەغەی هاتووچۆ بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە کە لە ئەنجامدا زۆربەی چالاکییە ئابوورییەکان وەستان و هەروەها نرخی بەشێک لە کەل وپەلە پێویست و سەرەکییەکانی ژیان بەرزبۆوەوە کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر داهات و خەرجی خێزان بەتایبەت ئەو خێزانانەی کە ئەندامەکانی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن.

بۆیە، بەشی ژمارەی پێوانەیی لە دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق بە هاوبەشی لەگەڵ بەشی ژمارەی پێوانەیی لەدەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەستان به ئەنجامدانی لێکۆلینەوە لەسەر کاریگەری نەخۆشی کۆرونا لەسەر گۆڕانی نرخی کەل و پەلە سەرەکییەکانی بەکاربەر لە سەرانسەری عیراق ئەمەش بە بەراوردکردنی نرخی کەرەستە سەرەکییەکان لە ماوەی مانگی شوبات وئادار. هەژمارکردنی گۆڕانکاری لە نرخەکان بۆ کاربەدەستانی سیاسەتی ئابووری گرنگە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ جێگیری نرخەکان و سنوردارکردنی نرخەکان و لابردنی خەرجی زۆر و مسۆگەرکردنی بژێویکی شایستە بۆ تاکەکان. جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لە هەرێمی کوردستان داتای نرخەکان لە سەر ئاستی قەزاکان کۆکرایەوە لە ڕێگەی سەردانی مەیدانی فەرمانبەرانی بەشی ژمارەی پێوانەیی یان لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەل هەندێک شوێن.

لایەنی سوودمەند لەم لێکۆلینەوەیە:

1. دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسایی
2. کاربەدەستانی سیاسی و بڕیار بەدەستان
3. ڕێکخراوە نێودەولەتییەکان
4. لێکۆلەرەوان و ئەکادیمیەکان

خشتەی **(1):** ئەو قەزایانەی کە توێژینەوەی بۆ کراوە لە  هەرێمی کوردستان
بۆ مانگی شوبات و ئاداری ساڵی **2020**

| ڕێزبەند | پارێزگا | قەزا | شوێن | ژینگە |
|---|---|---|---|---|
| **1** | هەولێر | قەزای شەقڵاوە | شەقڵاوە | شار |
| | | | کۆڕێ | گوند |
| **2** | | دەشتی هەولێر | دەشتی هەولێر | تەنها شار |
| **3** | | ناوەندی قەزای هەولێر | قەزای هەولێر | شار |
| | | | شەمامک | گوند |
| **4** | | سۆران | سۆران | شار |
| | | | هاودیان | گوند |
| **5** | | کۆیە | کۆیە | شار |
| | | | کۆیە.........سماقولی | گوند |
| | | | | |
| **1** | دهۆک | ناوەندی قەزای دهۆک | | شار |
| | | | | گوند |
| **2** | | ئاکرێ | | شار |
| | | | | گوند |
| **3** | | بەردەرەش | | شار |
| | | | | گوند |
| **4** | | زاخۆ | | شار |
| | | | | گوند |
| **5** | | سێمێل | | شار |
| | | | | گوند |
| **6** | | شێخان | | شار |
| | | | | گوند |
| **7** | | ئامێدی | | شار |
| | | | | گوند |
| | | | | |
| **1** | سلێمانی | ناوەندی قەزای سلێمانی | | شار |
| **2** | | قەزای ڕانیە | | شار |
| | | | | |

شیکردنەوەی ئەنجامەکان

**یەکەم/ لەسەر ئاستی عیراق**

ئەم توێژینەوە لە تەواوی پارێزگاکانی عیراق و بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئەنجامدرا و ئەنجامەکان بەم شێوەییەی خوارەوە بووە:

بەرزبوونەوەینرخی بەشێک لەو کەل و پەلانەی کە لە ناو پرسیارنامەکەدا هەیە لە مانگی ئادار بە بەراوردلەگەڵ مانگی شوباتوەکو ئەوەی خوارەوە:

1. رێژەی گۆڕانی نرخ لە بەشێك لە کۆمەڵەی کەرستەیخۆراک و میوە و سەوزە وەکو: برنجی بازرگانی هاوردەکراو، شیری منداڵ، پیازی ووشک، سیری ووشک، تەماتە و لیمۆ بەم شێوەیە بوو (6.7%)، (5.3%)، (61.2%)، (34.4%)، (41.6%)، (67.0%) یەک لەدوای یەک.
2. رێژەی گۆڕانی نرخ لە بەشێک لە کۆمەڵەی پێداویستییەکانی پزیشکی و کەرستەی خۆپارێزی وەکو: دەمامکی ئاسایی، دەمامکی بە فلتەر، دەستکێشی پزیشکی و پاککەرەوەکان بەم شێوەیە بوو (283.3%) ،(244.8%)، (72.2%) ، (28.9%) یەک لەدوای یەک.
3. رێژەی گۆڕانی نرخ لە بەشێک لە کۆمەڵەی پاککەرەوەی تایت و سابوونوەکو: سابوونی دیتول، بتڵی سپیکەرەوە(فاس) بەم شێوەیە بوو (40.4%) ،(23.1%) یەک لەدوای یەک.
4. رێژەی گۆڕانی نرخ لە بەشێک لە کۆمەڵەی کلینکس و دایبی منداڵوەکو: کلینکسی کاغەز و دایبی منداڵ بەم شێوەیە بوو (5.7%)،(5.1%) یەک لەدوای یەک.

**دووەم/ لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان**

ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک و قەزاکانی ئەو دوو پارێزگایە بە شار و گوندەوە ئەنجامدرا، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی تەنها لە ناوەندی قەزای سلێمانی و قەزای رانیە کە ژینگەکەی تەنها شار بوو ئەنجامدرا و ئەنجامەکان بەم شێوەییەی خوارەوەیە:


بەرزبوونەوەی نرخی بەشێک لەو کەل و پەلانەی کە لەناو پرسیانامەکەدا هەیە بۆ مانگی ئادار بە بەراورد لەگەڵ مانگی شوبات وەکو ئەوەی خوارەوە:

1. رێژەی گۆڕانی نرخ لە بەشێک لە کۆمەڵەی خۆراک و میوە و سەوزەوەکو: برنجی بازرگانی هاوردەکراو ، پیازی ووشک، سیری ووشک، تەماتە و لیمۆ بەم شێوەیە بوو (5.9%)، (59.3%)، (80.8%)، (40.2%)،(55.0%) یەک لەدوای یەک.

2. ڕێژەی گۆڕانی نرخ لە بەشێک لە کۆمەڵەی پێداویستییەکانی پزیشکی و پاککەرەوەکان وەکو: دەمامکی ئاسایی، دەمامکی بە فلتەر، دەستکێشی پزیشکی و پاککەرەوەکان بەم شێوەیە بوو (401.4%)، (292.5%)، (71.8%)، (49.9%) یەک لەدوای یەک.

3. ڕێژەی گۆڕانی نرخ لە بەشێک لە کۆمەڵەی پاککەرەوەی تایت و سابوون وەکو: بتڵی سپیکەرەوە (فاس)، سابوونی دیتول بەم شێوەیە بوو (4. 5%) ، (99.4%) یەک لەدوای یەک.

4. ڕێژەی گۆڕانی نرخ لە بەشێک لە کۆمەڵەی کلینکس و داییی منداڵوەکو: کلینکسی کاغەز و داییی منداڵ بەم شێوەیە بوو (8.0%)،(5.9%) یەک لەدوای یەک.




خشتەی (2) ڕێژەی گۆڕانی مانگانەی نرخ بۆ کەل وپەلە پێویستییەکان کە کۆکراوەتەوە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان

| ریزبەند | کەل و پەلەکان | ناوەندی نرخ لە مانگی شوبات (دینار) | ناوەندی نرخ لە مانگی ئادار (دینار) | ڕێژەی گۆڕان لە نرخ % |
|---|---|---|---|---|
| 1 | برنجی بازرگانی هاوردە (کیسەی 4.5 کگم) | 7561 | 8008 | 5.9 |
| 2 | برنجی بازرگانی خۆماڵی 1 کگم | 3025 | 3350 | 10.7 |
| 3 | ئاردی بۆری گەنمی بازرگانی 1 کگم | 361 | 449 | 24.4 |
| 4 | ئاردی سپی گەنمی بازرگانی زێری تورکی 1 کگم | 897 | 1066 | 18.8 |
| 5 | مەعکەرۆنی کیسەی زیری تورکی 200 گم | 333 | 342 | 2.7 |
| 6 | سپاکیتی کیسەی زێری تورکی 200 گم | 250 | 257 | 2.8 |
| 7 | خواردنی بازرگانی منداڵان (سیرلاك) 400 گم | 4094 | 4275 | 4.4 |
| 8 | نانی فرنی 1 دانە | 164 | 164 | 0.0 |
| 9 | سەموونی حەجەری 1 دانە | 108 | 108 | 0.0 |
| 10 | سەموونی کارەبایی 1 دانە | 118 | 118 | 0.0 |
| 11 | گۆشتی تازەی بەرخ/ خۆماڵی 1 کگم | 12761 | 13263 | 3.9 |
| 12 | گۆشتی تازەی گۆلک (بەبێ ئیسک) / خۆماڵی 1 کگم | 13274 | 13789 | 3.9 |
| 13 | مریشکی بەستوو1 کگم | 3391 | 4357 | 28.5 |
| 14 | مریشکی زیندوو1 کگم | 2565 | 2682 | 4.6 |
| 15 | شیری ووشکی بازرگانی مودهش 400 گم | 3149 | 3262 | 3.6 |
| 16 | شیری منداڵی دیالاک 400 گم | 5491 | 5780 | 5.3 |
| 17 | هێلکەی سوور قەبارە گەورە/ ناوخۆ 30 دانە | 4318 | 5484 | 27.0 |
| 18 | هێلکەی سپی قەبارە گەورە / ئێرانی 30 دانە | 4069 | 5464 | 34.3 |
| 19 | زەیتی رووەکی بازرگانی زێر 1 لیتر | 1341 | 1469 | 9.5 |
| 20 | تەحین / خۆمالێ اسوفی 1 کگم | 5807 | 5974 | 2.9 |
| 21 | تەحینی هاوردەی تونس تورکی 300 گم | 2251 | 2463 | 9.4 |
| 22 | دوشاو/ خۆمالی بیادر 430 غم | 1845 | 1952 | 5.8 |
| 23 | بتڵی غازی 12.5 کگم / بازرگانی یەک بتڵ | 8333 | 7738 | -7.1 |
| 24 | سابوونی توالیتی عادی 1 دانە | 440 | 450 | 2.3 |
| 25 | سابوونی دیتول 1 دانە | 791 | 1577 | 99.4 |
| 26 | تایتی جلشۆردنی عادی بازرگانی تاید/ هاوردە 480 گم | 1833 | 2083 | 13.6 |
| 27 | تایتی جلشۆردنی فەلی ئوتوماتیکی بازرگانی /هاوردە 1.5 کگم | 4081 | 4326 | 6.0 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 28 | زاهی شوشتنی فەلی ئوتوماتیکی بازرگانی/هاوردە 1.5 لیتر | 3500 | 3649 | 4.3 |
| 29 | زاهی قاپشۆردنی خۆماڵی 1 لیتر | 976 | 1087 | 11.4 |
| 30 | زاهی قاپشۆردنی ئەلوەزیرەی هاوردە 800 مل | 1616 | 1767 | 9.3 |
| 31 | بتڵی لێکەرەوە (فاس) | 1019 | 1065 | 4.5 |
| 32 | کلینکسی کاغەزی تواليتی فاين 4 رولە | 1921 | 1943 | 1.1 |
| 33 | کلینکسی کاغەزی فاين 150 کلینکسی جووت | 1074 | 1160 | 8.0 |
| 34 | دايبی پامبیرزی منداڵان هاوردە 18 پارچە قەبارە ناوەند | 5220 | 5528 | 5.9 |
| 35 | دەمامکی ئاسایی 50 دانە | 3901 | 19559 | 401.4 |
| 36 | دەمامکی بە فلتەر یەك دانە | 1570 | 6162 | 292.5 |
| 37 | دەستکێشی پزیشکی پاکەتی 100 دانە | 3762 | 6464 | 71.8 |
| 38 | قوتووی پاککرەوەی دیتول ، فینول .....هتد 4 لیتر | 2738 | 4103 | 49.9 |
| 39 | پیازی ووشک 1 کگم | 1109 | 1767 | 59.3 |
| 40 | لیمۆ 1 کگم | 1614 | 2501 | 55.0 |
| 41 | تەماتە 1 کگم | 772 | 1082 | 40.2 |
| 42 | پەتاتە 1 کگم | 722 | 895 | 24.0 |
| 43 | خیار 1 کگم | 736 | 861 | 17.0 |
| 44 | باینجان 1 کگم | 901 | 1065 | 18.2 |
| 45 | سیری ووشک 1 کگم | 1227 | 2219 | 80.8 |
| 46 | دۆشاوی تەماتەی زێری تورکی 800 گم | 1625 | 1787 | 10.0 |
| 47 | فاسۆلیای ووشک 1 کگم | 2071 | 2083 | 0.6 |
| 48 | نۆکی لەتکراوی بازرگانی 1 کگم | 2041 | 2167 | 6.2 |
| 49 | نۆکی بازرگانی 1 کگم | 2339 | 2345 | 0.3 |
| 50 | نیسکی بازرگانی 1 کگم | 1438 | 1542 | 7.2 |
| 51 | لۆبیای سوور 1 کگم | 2017 | 2088 | 3.5 |
| 52 | پاقلەی ووشک 1 کگم | 1663 | 1792 | 7.8 |

## ناوەندی نرخەکان لە مانگی شوبات و ئاداری **2020**



-

بۆ زانیاری زیاتر:

ئیمێل: Contact@krso.gov.krd

ماڵپەری ئەلیکترۆنی:www.krso.gov.krd

تەلەفۆن: 07508963143
00964(0)662559170

زنجیرە:101